# مانگرتنی خوێندکاران، سەرەتای قۆناغێکی نوێ

## سەبارەت بە مانگرتنی خوێندکاران و هەوڵە نەزۆکەکانی تری دەسەڵاتداران

زمناکۆ عزیز

پاش هەفتەیەك پشووی ڕەسمی و هەوڵێکی زۆری دەسەڵاتداران بۆ هێمن کردنەوەی بارودۆخەکەو کۆنترۆڵ کردنی خوێندکاران بۆ شکاندنی مانگرتنەکەیان، سەرەنجام ڕۆژی شەممە خوێندکاران ڕایانگەیاند کە درێژە بەمانگرتنەکەیان ئەدەن و جگە لە بەدیهاتنی خواستەکانیان بەهیچ شتێکی تر ڕازی نابن. بەڵام هەوڵەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی سەر بە یەکێتی بۆ بەلاڕێدابردنی خوێندکاران و شکست پێهێنانی نارەزایەتیەکانیان بەردەوامە، کە دوایین هەوڵیان بریتی بوو لە دەرکردنی بەیاننامەیەك بەناوی خوێندکارانەوەو کە داوای کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکە ئەکەن، ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە گوایا نەوشیروان مستەفا لە ڕێگەی بەرهەم صاڵحەوە پێی ووتون کە بڕوانامەکانی زانکۆی ئایندە لە لای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە بەغدا ئیعتباری نیە، وە لە بەیانەکەدا هاتووە کە ئەو بێئیعتباریە بەمانایەك دەکاتە داخستنی زانکۆی ناوبراو. بەڵام خوێندکاران بەم بەڵێن و قسانەی بەرپرسان باوەڕناکەن و داوای بەڵگەنامەی ڕەسمیو نوسراو ئەکەن لە لایەنی ڕەسمیەوە نەك مەسئولینی ئەحزاب، وە لەبەرامبەر ئەم بەیانەشدا وەستناوەو بڕیاریان داوە کە درێژە بەمانگرتنەکەیان بدەن.

شایەنی باسە کە بەرپرسانی حکومەتی سلێمانی لەسەر ئەم کێشەیە قڵشتی نێوانیان زیادی کردوە، ئەوەتا لە ئاخرین ژمارەی هاوڵاتی دا بەرهەم صاڵح کە جێگری سەرەك وەزیرانی کاتی عێراقە ئەڵێت "کردنەوەی زانکۆی ئەهلی بەبڕیاری سیاسی نابێت" وە فواد معصومیش لەهەمان ژمارە تەئکید لەسەر ئەم قسەیە ئەکاتەوە، کەچی هەمان ژمارەی هاوڵاتی عیماد ئەحمەدی جێگری سەرەك وەزیرانی حکومەتی سلێمانی بەپێچەوانەوە قسە ئەکات و ئەڵێت "کردنەوەی ئەو زانکۆیە بەبڕیاری سیاسی بووە" هاوکات عیماد ئەحمەد وەك پارێزەری زانکۆی ئایندە قسە ئەکات و لەبەرامبەر خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیدا وەستاوەتەوەو بۆ دیفاع لەزانکۆی ئایندە ئەڵێت "خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بۆ قسە لەسەر کەمو کوڕیەکانی زانکۆکەی خۆیان ناکەن، زانکۆی سلێمانی هەزار کێشەو گرفتی زیاتری لە زانکۆی ئایندە هەیە، کەچی لەسەری بە قسە نایەن" ئیتر عیماد ئەحمەد بیری چوەتەوە کە خۆی بەرپرسی دووەمی ئیدارەی ئەم شارەیەو کەمو کوڕیەکانی زانکۆی سلێمانی لەئەستۆی خۆیو حزبەکەیدایە، وەئەگەر ئەم قسەیەی عیماد ئەحمەد خوێندکارێك یان مامۆستایەکی زانکۆ یان هاوڵاتیەکی سادە بیکردایە، هەر خێرا زوو بە بیانووی بوونی دەستێکی گومانلێکراو لەپشت ئەو قسەیەوە توشی هەزار کێشەو گرفتیان ئەکردو قەڵەم بەدەستەکانیشیان بەنۆکەرو بەعسی و دوژمنی دیموکراسی لەقەڵەمیان ئەدا!!.

دەسەڵاتداران و سەرانی ئەحزابی ناسیونالیست بۆ هێشتنەوەی زانکۆی ئایندە، نمونەی ئەوروپا و وڵاتانی پێشکەوتووی تری دنیا نیشانی خەڵك ئەدەن کە زانکۆی ئەهلیان تیایەو لەوێش خوێندکاران پارە ئەدەن بۆ قبوڵکردنیان لەو زانکۆیانە، بەڵام هەر خۆشیان ئەزانن کە لەو ووڵاتانەی کە ئەوان باسی ئەکەن شتێك

هەیە کەناوی یاسایەو کەس ناتوانێ سنورەکەی ببەزێنێ، هاوکات مافە فەردیو کۆمەڵاتییەکانو بیمەی ژیان بۆ هەموان فەراهەم کراوەو هیچ کەسێك بۆی نییە کە دەست لەکاروباری پەروەردەو یاسا وەربدات، بەڵام لێرە سەرباری نەبوونی هیچکام لەو مافانە، ئەگەر صەد بڕیاری باشیش لەسەر مەسە جیاجیاکان بن، بەڵام مەسئولێكو حمیایەکانی لە زەرفی لەحزەیەکدا ئەیکەن بەباداو کەسیش بۆی نییە بڵێ پشتیچاوتان برۆیە.

خوێندکاران بەدرێژەدان بە مانگرتنەکەیانو توندکردنو ڕێکخراو کردنی ڕیزەکانیان ئەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئێستا کۆمەڵگای کوردستان دوای دەورەیەك لە وەزعیەتی هەڵواسراوی کۆمەڵگاو ڕووخانی ڕژێمی بەعس، قۆناغێکی نوێی دەست پێکردوە، ئەویش قۆناغی ووتنی "نا"یە بەهەموو دیاردە دزێوەکانو ناهەقیو گەندەڵیەکان، بۆ ئەمەش سەرکەوتنی مانگرتنی خوێندکاران مەسەلەیەکی حەیاتییەو ئەبێت لە ئاستێکی فراوانو کۆمەڵاتیدا ئەم ناڕەزایەتیانە بە ئاکام بگات، پشتیوانی تەواوی خوێندکارانی کۆلێژەکانی ترو دواناوەندییەکانو کەسو کاری خوێندکارانو مامۆستایانو جەماوەری کوردستان لە مانگرتنی خوێندکاران، ئەتوانێ سەرەتایەکی زۆر گرنگو کاریگەر بێت بۆ ئەو قۆناغە نوێیەو بۆ کردنەوەی دەیان گرێ کوێرەو کێشەو گرفتی تر کە پەیوەندی بە تاك بەتاکی ئەم کۆمەڵگایەوە هەیە. شێوازی خەباتکارانەی جۆراو جۆر زۆرە کە خەڵك بتوانن ئەم ناڕەزایەتیانە بە سەرکەوتن بگەیەنن، ڕێپێوان، مانگرتن، ناردنی نامەی ناڕەزایەتی بە ئیمزای هەزاران کەسی، سود وەرگرتن لەو کەناڵانەی کە ئێستا هەنو بە مەزاجی حزبی دەسەڵاتدار ناچن بەڕێوە، ...هتد. ئەو دەنگی ناڕەزایەتییە ئەبێت فراوانتر بکرێتەوەو هەموو کونو کەلەبەرەکانی ئەم کۆمەڵگایە بگرێتەوە، ئێستا ئەو شنەیە هەڵیکردوەو ئەتوانرێ بکرێتە گێژەڵوکەیەك بۆ بەبادا بردنی هەموو دیاردە قێزەونو ناڕەواکانی کۆمەڵگاو مسۆگەر کردنی ئایندەیەکی باش، بادەستیپێوە بگرینو بەهێزی بکەین.